**دەنگەکان** :دوای تێپەربوونی 19 ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، ئایا ئەدەب توانیویەتی لەناو خەیاڵ و فەنتازیا و زماندا ئەنفالێک دابمەزرێنێ جیاواز بێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیا پێیان ناساندوین؟ تایبەتمەندی ئەو زمانە ئەدەبییە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟ ئاخۆ ئەدەب دەتوانێ زمانێک بێ بۆ بە جیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال؟

**حەمە فەریق حەسەن :**



تاکو نهۆ ڕستەیەکی جوانم لەمەڕ ئەنفاڵ، لە هیچ سیاسەتوانێکی کورد نەبیستووە. ڕستەیەک شیاوی ئەوەبێ وەک وتەی سەرکردە سیاسییەکانی دنیا، لە وتارێکدا، لەکۆڕو کۆمەڵێکدا، مینا پەندێک یان وتەیەکی جێگر بهێنرێتەوە یادو ئاماژەی پێبدرێ. دڵنیاشم هەموو ئەوسەرکردانەی کە خۆشیان بەشێک بوون یان هۆکارێک بوون لەپرۆسەی ئەنفال، وجاخکوێر سەردەنێنەوە. واتە تاکە وشەیەکی جوانیان لەپاش جێنامێنێ. بەڵام لەخۆیان؛ واتە لەکەس و کاری ئەنفالکراوان قسەی جوانم بیستووە. باسی ئەدیۆلۆجیات کرد. پێموایە گەورەترین دەستکەوتی ئەم نەزمەنوێیەی جیهان ئەوەیە، کە مرۆڤی لە هەژموونی ئەیدیۆلۆجیا ڕزگارکردووە.
بەڕێز کاک گۆران... کورد هیچی لەمیللەتانی وەک ڕووس و ئینگلیزو ژاپۆن کەمتر نییە. بەڵکو نیشتمانەکەی لەهی ئەوانیش دەوڵەمەندترە. حەفتاو پێێنج لەسەدی ئاوو نۆ لەسەدی یەدەکی نەوتی جیهان لەکوردستانە. بەسەرێکی دیکە جیاوازییەکی خەیاڵیی لەنێوان ((ئەنتلجنسیا))ی کوردو هی ئەم گەلانەدا هەیە کە هەر بۆ نموونە ناوم هێنان. ڕەنگە ڕۆژگارێک لەمێژووی تاریکیاندا، گەلێک لەئێمە لەدواتر بووبن. وەلێ وەک ئاماژەم پێدا ئەوە ئەنتلجنسیایە دەبێتە ڕابەرو میللەتێک لەقۆناغێکەوە بۆ یەکێکی دیکەی گەشە سەندووتر دەگوێزێتەوە. ژمارەی ئەوانەی ژاپۆنیان لەدۆخی وێران و بێورەو داغانی دوای جەنگی دووەم و بەچەکی ناوکی زامدار بۆ ئەم چاخە زێڕینەی نهۆ تێیدا دەژین گواستەوە لەبیست کەس تێناپەڕێ. لەهەر ژاپۆنییەک بپرسی ناوەکانیانی لەبەرە. ئەنتلجنسیا دەبێ بەدوو بەشەوە، سیاسی و ڕووناکبیریی. یەک لەباری کورد بەشی یەکەمیان بەزۆریی میری نەخوێندوارو خۆخۆرو نۆکەری بیانی بوون. ئەگەر تاکوتەرا، پیاوێکی سەرڕاست و نیشتمانی و دڵسۆزیان تێدا هەڵکەوتبێ، هەر خۆیان لەنێویان بردووە. دیارە لەمێژووی گشت جیهانیشدا، سەرکردەوی مێژوویی هەر تاکوتەران. ئەمانەی ئێستاش، ئەگەر خاتریان بگرم ئەوا بە((دزو جەردەو فایلڕەش)) وازیان لێدێنم.. ئیتر تۆ چییان لێ چاوەڕوان دەکەی؟
سەبارەت پاژی دووەمیان واتە ئەنتلجنسیای ڕووناکبیریی، ئاوەکە وەهاڕژاوە، منداڵی کورد بۆ ئەوە بخوێنێ تاکو مووچە وەربگرێ و هیچیتر. هەرکە چۆتە پۆلی یەکەمی کۆلیجی ئەندازە، نوژداری... هتد لەیەکەم مانگەوە لە خەیالاتی بڕی مووچەدا بووە، بۆیە لەهیچ بوارێکدا زانایەکمان نییە. هەتا ئەمانەش سەرکردەمان بن، مەگەر لە هەندەدران دەنا زانا لەکوردستاندا هەڵناکەوێ. مایەوە ئەدیبەکان. ئۆباڵ بەگەردنم هیچ خەوشێک لە ((خانی و مەلای جەزیری و نالی و سالم و حاجی قادرو شیخ نووری و هەژارو هێمن و.. کێ و کێدا نییە)) خەوشەکە لە میراندایە کە بێگومانم ناویان بەکۆڵەکەی ئاشدا چووەو نایەنەوە بیرت. هەمیشە نیوەی یەکەم کۆسپی لەڕێی نیوەی دووەمدا قوتکردۆتەوە. واتە نوخبەی یەکەم دژی نوخبەی دووەم بووە، کە دەبوایە تەواوکەری یەکودووبن.
دوای ڕاپەڕین لەدەڤەری سلێمانی بەنیازبوون ((هەرکوردێک دەزانێ و دەفامێ یان بیکوژن یان هەڵیبڕن یاخود لە خۆیانی مارە بکەن)) داهێنەریش چونکە هەگبەکەی پڕەو جەماوەر خۆشیدەوێ، مەگەر بەدەگمەن، دەنا لە ئاستی دەستەڵاتدا لووتبەرزەو خۆشەویستیی جەماوەر بە ((پایەو مایە)) ناگۆڕێتەوە.

نەخێر وەک پێویست نووسەران نەیانتوانیوە گوزارشت لەکارەساتی ئەنفال بکەن. یان ئەنفال بەو نەهامەتییەوە نەیتوانیوە نووسەران، یان چەند نووسەرێک بکاتە خاوەنی شێوازو زمانی تایبەت. بەرهەمی واشمان نییە لەئاستی گەورەیی مەرگی چوار هەزار گوندو دووسەد هەزار ئینساندا بێ. بەندە بۆهەڵەبجە چیرۆکێکم نووسیوە. لەتافی ئەنفالیشدا چیرۆکیکم بۆ ئەنفال نووسیوەو لەکاتی خۆیدا بڵاوبۆتەوە و بەفارسیش کراوە. هەردووکیشیانم بۆ دەنگەکان ناردووە. یەکی یەکی هەشتاوسێ، لەهەڵەبجە کۆڕی چیرۆکم هەبوو، شانزەی سێ هەڵەبجە کیمیاباران کرا. نزیکەی نیوەی ئەوانەی لەکۆڕەکەمدا ئامادەبوون، شەهیدبوون.
لەساڵی 2004دا، دەزگەی ئاراس ڕۆمانی ((کەسێک لازۆی دیبێ))ی بۆ چاپ و بڵاوکردمەوە. ئەو ڕۆمانە بەزمانێکی دیکەی جیاواز، بەشێوە گێڕانەویەک داڕێژراوە، لەئەدەبی کوردیدا وێنەی نییە.. بەڵام لەبری ئەوەی وەریانبگێڕایەتە سەر زمانە زیندووەکان، لەهەموولایەکەوە لێفەیان پێدادا. هۆیەکەشی ئەوەیە ڕاستگۆیانە و هونەرییانە ئەنفالم بەڕۆمان کردووە. چونکە ((سەنەوییەکەم)) لەسەر هیچلایەک نییە. ئیدی ئەگەر بچمە سەر ستارەکان بۆم حساب ناکرێ. تیڤییەکان باسی ناکەن. وەک پێودانگێکی سەردەم، ئەو کتێبەی تیڤی نەیناسێنێ، بەمردوو حسابە! تەنانەت دەزگەی ئاراس بێزی نەهات بە (( ئیمەیلێک)) لەچاپکردنی ڕۆمانەکە ئاگادارم بکات.
کاری نووسەر وایە، دەبێ مامەڵە لەگەڵ دەزگەکانی چاپدا بکا. ڕاستییەکەی ((پاکتی)) واتە: ((پارتی و یەکێتی))کە خاوەنی دەزگەکانی چاپن. بەئاشکرا سیاسەتی ((Diskrimination)) لەگەڵ نووسەراندا پیادەدەکەن.. با پێت بڵێم کاتێ ((یەشار کەمال)) نۆبڵ وەرناگرێ، ئەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کورد بەرپرسن! ڕاگەیاندن، بەتایبەت تیڤی، دەتوانێ نووسەر بکاتە جیهانی و ڕێژەی خوێنەرانی سەربخا.. بەڵام ڕاگەیاندنی پاکتی دژی داهێنەری کوردە. کامتان یەشار کەمالتان لە کەناڵێکی کوردییەوە بینیوە؟ دەگەڕێمەوە سەر وتەکەی پێشووم نوخبەی سیاسی لەبریی ئەوەی هاوکاری نوخبەی ڕووناکبیریی بێ، دژێتی! بۆیە خوێندەوارەکان دژی پاکتین و ئەم دژایەتییەش ڕۆژ بەڕۆژ لەهەڵکشاندایە. وای لێدێ ئەوەی جمێن بەپاکتی نەدات میللەت بەنووسەرو هونەرمەندی نازانێ. چاویشت پێدەکوێ بزانە وادەبێ یان نا؟
مادەم باس لە داهێنانە، لەدنیای ئەمڕۆی جیهانگیرییدا هونەرو ئەدەب ((کاڵا))ن. ئەگەر نەبنە کاڵا، کورت و دروست مانای وایە ((بێبەهان)) لە کوردستان، وەک چۆن بەفێڵێک ڕۆژنامەو ڕووناکبیریی لەدەستەڵات پووچکراون. هەمان دەستوور ئەدەب و هونەر لە ((قیمة/بەها)) بەتاڵکراونەتەوە. چەند دەزگەیەکی چاپ لەلای پاکتی هەن؛ ئەوانە حسابی ((تووریکی قوڕاویی)) بۆ نووسەر ناکەن کەچی بەرهەمەکانی لە پشانگەکاندا دەفرۆشن و خۆیانی پێوە بادەدەن.. وەک ئەوەی بودجەی کوردستان پوولێکی سووری بۆ ڕووناکبیریی تێدانەبێ. مەبەستم ئەوەیە ڕاشکاوانە بڵێم، هونەر بەهەند ناگیرێ و هونەمەندو نووسەر هانناردرێن. کەواتە گەشەناکەن. کاتێک لە باشوور کورتە فیلمێکی جوان بەرهەمنایە، پاکتی لێی بەرپرسە. ئەو زەمانە بەسەرچوو، وەک قۆناغی پێش ڕاپەڕین نووسەر دەروێش ئاسا کاربکا! هەروەک چۆن خودی مەسوولیش چیدی نانەڕەقەی ماڵان ناخواو لە مزگەوتی پڕلە کێچدا نانوێ!
بەسەرێکی دیکە کورتەچیرۆک و شیعر لەهەقی ئەو کارەساتە مەزنە نایەن. ڕۆمان و شانۆو فیلم، بۆ دەربڕین دەها گونجاوترن. چونکە ڕووبەرێکی بەرینیان بۆ گوزارشت بەدەستەوەیە.. فیلم دکارێ سنوورەکان ببەزێنێ. بەزمانی وێنە گوزارشت دەکات و زمانی وێنەش جیهانییەو دەوڵەمەندە.. بەندە قەراخیم. یەکەم گوللەتۆپی ئەنفال کە گیرایە ((قازانقایە)) لەبن دیواری ماڵی باوکما کەوتەوە. چەند مانگێک پێشتر خۆشم هەر لە قازانقایەبووم. لەژێر تاریکیی شەودا چووم و بەشەویش گەڕامەوە. مەبەستم لەوەیە بڵێم ئاگادربووم. وەکیدی لەخزمانی گەرمیان پیرەمێردێک بەناوی ((مام کەریم)) نیوەمردوو، لەنوگرە سەلمان ئازادکرابوو. لە کۆمەڵگەی ((شۆڕش)) لەماڵە ((قوولە))ییەکان سەردانم کردو بەدرێژیی لەدەسپێکەوە بۆی گێڕامەوە. ((مولازم حەجاج))ی ناو ڕۆمانەکەم لە زاری ئەو بیستووە. بۆ خۆی باسی ((عەریف شەمخی))یشی بۆکردم چلۆن لەسەرئەوەی داوای

مەسینەیەک ئاوی کردبوو تاکو خۆی پێبشوات، بەڵکو کەمێک ئالۆشی گیانی دابمرێتەوە، وەلێ ((شەمخی)) کوێت دێشێ، بەسۆندە تێیکەوتبوو شلکوتی مەرگی کردبوو.
دوای ڕاپەڕین ماویەک لە ((سۆلیدارتی))دا کارم کردووە. زۆرێک لەگوندەکانی گەرمیان، شارباژێڕو شارباژێڕی سەخت و پێنجوێن گەڕاوم و سەدان پرسیارم سەبارەت ئەنفال کردووە. لەگوندێکی گەرمیان داواکارییان لە سۆلیداریتی ((کەرێک))بوو، تاکو ماڵەکان بەشەڵتە ئاوی خواردنەوەی لەچەمەوە پێبگوێزنەوە دێ! ئەو دێیە ((60)) کەسیان ئەنفال بوو. توانای کڕینی کەرێکیان نەبوو. ئەو زەوییە بەپیتەی گەرمیانت بیستووە، بەڵام ئەوان توانای کرێی ترەکتۆریان نەبوو تا بیکێڵن. پارەی بنەتۆویان نەبووا!! حەسرەتیان هەڵدەکێشاو دەیانگوت فلان و فلان ئێمەیان ئەنفالکردو ئێستا لای ((پاکتی)) مەسوولی سەربازین! مەبەستم ئەوەیە لەسەرچاوەکەوە ئاگادارم چی ڕوویداوەو چۆن..
ئەوەش بزانە لەنێو نووسەراندا بێدەربەست و بێتواناش زۆرن. کاتی خۆی، وەختایێ بەندە ئەو چێرۆکانەی وەک دووربین و تارماییەکان و وەرزی کەوبوارو خۆرکەوتن و... بڵاودەکردەوە، هەیانبوو گاڵتەی پێدەهات و دانی بەئەدەبی بەرەنگاریدا نەدەنا.. هەیە بەردەوام وڕێنە دەنووسێ. هەیە لەکاریگەریی فیلمی هیندیی ڕزگاری نابێ. هەیە خەڵەفاوەو وازناهێنێ.. هتد بەدڵنیاییەوە ئەدەب دەتوانێ زمانێک بێ بۆ بەجیهانیکردنی ئەنفال. لەئەوروپا بەتاسوقەوە ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەفریکا دەخوێننەوە. لەم ڕۆژانەدا ((طاهر بن جلون)) لێرەبوو. ئەو ئەگەرچی لەفەرەنسا دەژی و بەو زمانە دەنووسێ بەڵام کێشەکانی کۆمەڵگەی عارەب لەڕۆمانەکانیدا بەرجەستە دەکا. بانگهێشتیان کردبوو، سیمیناریکیان بۆ سازکرد. بەرهەمی زۆری وەک بنجەللون وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە زیندووەکان. بەڵام لەنێو کورددا، لەو سۆنگەیەوە نەختێ پێشتر باسمکرد وەرگێڕ هەڵنەکەوتوە. چونکە تاکی کورد کۆلیجی وەرگێڕان یان زمانی بۆ ئەوە خۆێندووە پێی تەعین بێ. بەتەواوی دڵنیاییەوە لەم وڵاتە کوردێک نادۆزیتەوە بتوانێ لاپەڕەیەک داهێنان وەربگێڕێتە سەر زمانی دانیمارکی.. خۆ نووسەری کورد ئەگەر دەیان کاری جوانیشی لەمەڕ ئەنفال نووسیبێ، ئەگەر وەرنەگێڕدرێ کەس پێنازانێ. وەزارەتی ڕۆشنبیریی دەبێ لەڕۆڵی وەرگێڕان ئاگادار بێ، بەڵام لەیەکەم وەزارەتەوە، تاکو نهۆ نەمبیستووە کارێکی جوانی کوردییان بۆ زمانێکی زیندوو وەرگێڕابێ.
تازەکی لێرە خەریکە کورد دەناسن. لەدەنگوباسی هونەریدا جاروبار گوێت لەوشەی ((کورد)) دەبێ، ئەویش تەنیا بەهۆی فیلمەکانی بەهمەنی قوبادی و هونەر سەلیم و یەلماز گۆنای و ئەوانی دیکەوەیە. لێرە بەدرێژایی مانگی ئاداری ئەمساڵ میهرەجانی فیلم لەکۆبنهاون درێژەی هەبوو. نزیکەی دە فیلمی کوردیی تێدا پیشاندرا. فیلمی (( گەشتێک بۆ خۆر/Jurney To The Sun)) کەباسی دێهاتە کاولکراوەکانی باکووری کوردستانی دەکرد جێی سەرنج بوو. دۆخێک بوو وەک ئەنفال. گەنجێک تەرمی باوکی لە سەندووقێکدا، لەشارەوە دەباتەوە بۆ گوند، بەڵام گوند چۆڵ و دەرگەو پەنجەرەی خانووەکان کێشراونەتەوەو خانووەکان ژێر ئاوکەوتوون. ناوچەکە سەربازییە، کوڕە، تەرمی بابی دەخاتە سەر ئەو ئاوەی گوندی ڕووخاوی داپۆشیوە. لەسەر ئاوەکە خۆرێکی سوور هەڵاتووە. زمانێک پڕ لەڕەوانبێژیی وێنە. ئەوەی لەوێ بوو ئەوق ببوو. بەم شێوەیە ڕستەیەکی هونەریی هەزاران وتاری سیاسیی دەهێنێ! دنیاش لێتی قەبووڵ دەکات. بەڵام کاکەگیان بەکێ دەڵێی؟

03 April 2007